

## کۆمەڵە و سپای ڕزگاری !

ڕەشاد - مستەفا سوڵتانی
گوڵانی 1388 - سوید

پایگا و مەقەڕەکانی سپای ڕزگاری لە کامیاران،سنە،مەریوان،سەوڵ ئاوا،،تیژ تیژ،دووڕۆ وسوورکەوڵ لە لایەن کۆمەڵەوە ساڵی 1980چەک کرا . باس کردنی ئەو ڕوداوە یەکجار هەستیار و سەرەنج ڕاکێشە . ماویەک ئەو کارەساتەم لە ترازووی مێشکمدا دانا و، هێنام و بردم و ئێستا لە سەر ئەو باوڕەم ، کە ڕووداوە چاک و خراپەکانی بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژ هەڵات خەریکە دەچێتە فەراموشخانەوەولە بیردەچنەوە وزانیاریەکان لە مەترسی فەوتان و بزر بوندان . جا بۆیە باس و تۆمار کردنی ڕووداوە مێژوییەکان جگە لەوەی پێویستن ، زۆریش گرینگن.دڵنیام ئەم وتارە هەموو ئامانجەکانی نەپێکاوە و ناتوانی پڕ بە پڕ شرۆڤە و باسی ئەو ڕووداوە مێژویە بکات. سپاس بژێری شارەزایانی ترم تا ئەگەر پێویستە لە سەر لایەنەکانی تری باس کەن و زانیاری ورد پێشکەش کەن.من ئەو کاتانە هەموو سیاسەتەکانی کۆمەڵەم پێ باش و شۆڕشگیرانە بوو و دیفاعیشم لیدەکرد.ئەمما ئێستا تەرجومەیەکی ترم لە کێشە و پرسی کورد هەیە . و زۆر موخالیفی شەڕی کورد لە گەل کورد بە هەر بەهانە یەکم . لە وانەیە هەندی کەس بە هۆی مەسلحەتی حیزبی و یا شەخسیەوە پێیان خۆش و یا ناخۆش بێت . ئێتر خوێنەر سەربەست و ئازادە و دەتوانی بە پێوەرەکانی خۆی ،لیکدانەوە و خوێندنەوەیەکی تری لە بابەتەکە هەبێت . پێکهاتە، ستروکتور و ڕێبەری ئەو جەرەیانە هەرگیز بۆ من قابلی دیفاع نەبوە و نیە .

لە سەروبەندی ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا، و لە نێوان سالەکانی 1979 تا 1983 کە جمهوری ئیسلامی ئێران هێشتا هیژمونی و دەسەڵاتی سیاسی خۆی بە دەست نە هێنابوو، لە کوردستان کەش و هەوا، بۆ کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی لە بار بوو. بەهاری ئازادی لە کوردستان سەقامگیر بووبوو، و ئەم هەل و مەرجە دەرفەتێک بۆ پێک هێنانی حیزب و ریکخراوەکان بوو. حیزبی بەعس ئەم هەلەی قۆستەوە و لە گەڵ شێخان و بنەماڵەی نەقشبەندی پەیوەندی گرت و چەک و چۆڵ و کارئاسانی بۆ

پێک هێنانی سپای ڕزگاری فەراهەم کرد .ڕێبەرانی سپاکە بریتی بوون لە شێخانی بە ڕێزی دووڕۆ، کە زۆربەیان ژیانێکی ئاسودەیان هەبوو و لە ناز و نیعمەتدا دەژیان و، قەدلە گەڵ سیستەمی پاشایەتی ناکۆکیان نەبوو. شێخانی بە ڕێزی نەقشبەندی بە زۆری لە ئاوایی دووڕۆ( نزیک ئاوایی ڕەزاو)، بیارە،تەویڵە و ... نیشتە جێی بوون .لە زۆر دەڤەری کوردستان خانەقایان هەیە و موریدەکانیان بە" سۆفیی" ناوزد کراون. ئەم سپایە هێچ چەشنە پلاتفورم و بەرنامەیەکی ڕێکخراوەیی ڕانەگەیاند، لە کونفرانس ، سمینار وکونگەریش ،بێ بەری بوو و لە راستیدا سپاکە لە سەر بنەمای مورید و سۆفیی گەری دامەزرابوو. بە ئاشکرا تارمایی و سێبەر لە سەر ناوەڕۆکی هەڵویستی سیاسی سپاکە کەوتبوو. بەڵام زۆربەی هەرە زۆری هێزی سپاکە لە کرێکاران وهەژارانی کەم دەسەڵاتی هەورامان پێک هاتبوو، کە فورم و قەوارەی سپایەکی ڕێکخراوەیی و حیزبیی‌یان نیشان، نە دەدا. خەڵکی هەورامان بە گشتی خەریکی باخداری و کشت و کالن .لەو سەردەمەدا ڕێژەیەکی زۆر لە دانیشتوانی دەڤەرەکە ،بە هیمەتی بەرز و کۆڵنەدان توانیان لەو هەریمە، مەمرە و بژی گوزران کەن . بە دژواری توانیویانە لەو دەڤەرە شاخ و داخ و کویستانیە،پارچەو کوتەڵە زەوییەک بۆ کشت و کاڵ و باخداری بە دەس بێنن . هەمیشە بە کۆڵ خاکیان لە سەر گابەرد و تەختایی ڕۆ کردوە و گوزری زمان،تراس ی چین لە سەر چین و تەلانی لە هەوراز و نەشێوی کوێستانەکان بۆ دانانی نەمامی هەنار و هەنجیر و یا کشت و کاڵی زۆر ساکار خولقاندوە . لە بواری پێشمەگایەتیدا ئازا و نەترس و گیان بەختکەرن و لە شۆڕشە کانی گەلی کوردا ،ئاسەواری شوێن پەنجەی دەستیان لە خۆبوردوویی وفیداکاریدا پڕە و دیارە . سپای ڕزگاری لە چەندین پەلامار بۆ سەر پایەگا و سەنگەرەکانی دوژمن، بە تایبەت لە هێرش بۆ پایەگاکانی دوژمن لە شاری سنە سەرکەوتوو بوون . هەندی لە کادیر و ئەندامەکانی سپای ڕزگاری، حازر و ئامادە بوون کە لە بوارە جیاوازەکاندا یارمەتی کۆمەلە بدەن.کۆمەڵە لە دریای شک و گوماندا نقوم بوو وبە پیرایی ئەو یارمەتیانە نە چوو. بە ڕێز ( س - پ ) یەکێک لە کادرەکانی ڕزگاری بوو کە چەند جار پێشنیاری یارمەتی داوە .

کۆمەڵە وەک کۆسپێک لە سەر ڕێگای بزووتنەوەی کورد،چاوی لەسپای رزگاری کرد وهەڵیسەنگاندو پلانی پاک کردنەوە و چەک کردنی ئەم سپایەی دارشت . سپای رزگاری وردە وردەهێزیان گەورەتر دەبوو و مەیدانی دەسەڵاتیان خەریک بوو ،سنوورەکانی دەشکاند. لە دارشتنی پلان و ئامادەکردنی هێز و گەمارۆی ئەم سپایە، یارمەتیان لە ناوچەی مەریوان وەرگرت و لە عەمەلدا هێزی کۆمەڵە لە مەریوان کە ئەزمون و فیداکاری وناوبانگی دەرکردبوو، فەرماندە و بەڕێوەبەری بەشێکی ئەو پلان و تەرحە بوو و، پێشمەرگەکانی سنە و ناوچەکانی تری کوردستانیش، بەشدار و هەڵسوراوی ئەو پلانە بوون. لە پلانێکی هێمنانە و زۆر

نهێنیدا،لەچەند شوین مەقەڕەکانیان گیراوسپاکە چەک کرا و هەندی کەسیشیان بە دیل گیران و بۆ ماوەیەک لە زیندانی کۆمەڵەدا بوون . پاشماوەی سپاکە و لایەنگرانیان چەند جار لە مەریوان و سنە خۆپێساندان و سکاڵایان کرد و ڕژانە ناو خیابانەکانی سنە و مەریوان ولایەنگرانیان بە شیعاری : " کۆمەڵە کۆمەڵە کارەکانت گێچەڵە ! " بیرو ڕای خەڵکیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا ، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی و نیزامی کۆمەڵە ، لە چڵە پۆپەی خۆیدا بوو و ئاقاری بەرەو ڕێگایەک ملی نابوو، کە ئامانجەکانی کۆمەڵەی دەپێکا . ئەم هێرشە خێرا و گورج و گۆڵەی کۆمەلە، وەک تۆپ لە پانتای کوردستان و ئێران دەنگی دایەوە . حیزبی دیموکرات چاوی پەڕیە تەوقی سەری و هاج و واج ماوەیەک ، دەنگیان نە کرد و ئەم پلانە سەرکەوتوەی کۆمەڵەیان، بە قازانجی خۆیان هەلنەدەسەنگاند و ئەو سەرکەوتنە تەرازوی هێزی گۆڕاو، بەرەو ئوتوریتەی بەرزتری نیزامی و سیاسی کۆمەڵە دایشکاند .دەڵین حیزبیش بەرنامەی بۆ چەک کردنی ڕزگاری هەبوە وتا ئیستا ئەم هەواڵە نە بە نوسراوە و نە بە وتەی ڕیبەری حیزب باس و تەئید نە کراوە .چەریکەکان و بەرەی چەپ گیج و سەریان سوڕما . مەلای ئێرانی لە قوم و تاران هەوالەکەیان لە گۆڤارەکانی کەیهان و ئیتلاعات بلاو کردەوە و ئەوانیش ، دەمیان وەک تەڵەی تەقیوی لیهات .

جمهوری ئیسلامی زۆر پێی خۆش بوو ، چونکوو ئامانجی ئەوانی دەستەبەر دەکرد . چەک کردنی سپای ڕزگاری ، مەلاکانی بەو لیکدانەوە گەیاندبوو کە ،بۆ شکانی ورە ی بەرزی جەماوەر و شکست دانی بزووتنەوەی گەلی کورد، شەری ناوخۆیی و برا کوژی هەرچی زوو تر دەس پێ بکات، باشترە . لە باری سایکۆلۆژیەوە سپاکە بە جارێک ڕووخا و هەرەسی سیاسی هێنا و گولۆڵەی کەوتە لێژی و هەرگیز نەیتوانی لەمپەرێک بۆ هەرەس هێنانەکەی ساز کات . سپای رزگاری لە قولایی هەورامان مانەوە و جار و جار لە گەڵ کۆمەڵە بە شەڕ دەهاتن . ناکۆکیەکانی سپای ڕزگاری و کۆمەڵە پەرەی سەند، جمهوری ئیسلامی هێرشی هێنا و شاخی هەورامانی گرت و ئەو دوو هێزە لەو سەنگەرە قایم و مەزنە مەحرووم کران .ڕێبەرانی ڕزگاری بەرەو کوردستانی عێراق و ناوچەکانی تری ئێران ڕۆیشتن و عومری سپاکە کۆتایی هات . بەعس ، لەم کارەی کۆمەڵە هەڵویستێکی تری گرتە بەر و پاشان بە هۆی ڕاسپێردراوەکانی خۆی، حازر بە پەیوەندی و یارمەتیدانی کۆمەڵە بوو . دیارە لە ستراتیژی بەعسدا بۆشاییەک لە ئارادا نە بوو .بەعس دەیویست لە جمهوری ئێسلامی بدات ،کە لەو بارو دۆخەدا،ئامێرەکان جێ گۆڕکیان دەکرد . ڕەنگە چەک کردنی سپای ڕزگاری فاکتۆرێکی دیاریکەر و پاڵ پێوەنەر بۆ،حکومەتی بەعس بووبێ تا خیراتر هەوڵ بدات لە گەڵ کۆمەڵە پەیوەندی بگرێت .

تا ئەو جێگایە کە بە تاکتێکی کۆمەڵە دەگەرێتەوە ئەم چەک کردنە لە گەڵ ئەو بنەما فیکری و خەتە سیاسیەی کە دوای مەرگی ڕێبەرانی لیهاتوو وکاریزمەی

کۆمەڵە بە ڕیزان: کاک حەمە حسین و کاک فوئادبە سەر کۆمەڵەدا ،زاڵ بوو، کۆک بوو و تەنانەت دەگونجا.

بە چەک کردنی سپار ڕزگاری بۆشایەکی سیاسی تۆخ، لە دەڤەری هەورامان دروست بوو . ئەم بۆشایە  بۆ بزووتنەوەی گەلی کورد ، هەستیار و دیاریکەر بوو. هەرێمی هەورامان هەمیشە لە لایەن بسپۆڕان و شارەزایانی نیزامی و سیاسیەوە ، وەک قەڵاو سەنگەرێکی مەحکەم پێناسە و شرۆڤە کراوە و دوژمن بۆ گرتنی ئەم دەڤەرە، تووشی شکستی قورس هاتوە و، شەڕی بە سام و گرانی کردووە هەمیشە بە ئاسانی نەیتوانیوە ئەو شوینە ستراتیژیە فەتح بکات . هەورامان لە بواری مورفولۆژی و ژیئوپۆلیتیکدا،  بۆ بزاڤی کوردی ،چارەساز و دەوری مێژوویی هەیە . کۆمەڵە پاش چەک کردنی سپای  ڕزگاری جێگاکەی پڕ نەکردەوە . ئەو دەریا کرێکار و هەژارە کە دەبوو بچنە ژێر ئاڵای سیاسەت و بەرنامەی عەدالەتخوازانەی کۆمەڵە وە ،لەو دەرفەتە مێژوویە ،بی بەش و مەحروم کران . لە حاڵیکدا دەبوا ،کۆمەڵە لە جەماوەری خەڵکی هەورامان بە هەر چەشنە  بیر و باوەڕومەیلێکی سیاسیەوە کە هەیان بوو، بە قازانجی سیاسەت و بەرنامەکانی خۆی دژی  مەلاکۆنەپارێزەکانی قوم و تاران، کە خولقێنەری فاشیزمی ئیسلامی و دژی مافی عادلانە ی کوردن، کەڵک وەر گرێت .تەنانەت کۆمەڵە قەڵایەکی مەزنی ، کە دەیتوانی بزووتنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە بارێکی تردا بخات. ورێگای سەرکەوتنی بۆ هەموار  ولە شکست ڕزگاری بکات ، بە خۆڕایی و بە لاش لە دەست دەر چوو.قەڵایەک کە ئەوەندە زەردەمای سەخت و ڕژدو بەرزی هەیە مەگەر بە پەیژەی خەیاڵ بۆی سەرکەوی. جمهوری ئیسلامی لە نە بوونی کۆمەڵە ، کەڵکیان وەر گرت و ئەو هەرێمەیان بە خۆڕایی بەدەس هێنا و بارەگاکانی خۆیان هەوڵ بە نهێنی و پاشان بە ئاشکرا دامەزراند . لە حاڵیکدا دەبوا ئەو سەنگەرە بۆ خاوەن ماڵ یانی گەلی کورد و نوێنەری هەژارانی کوردستان بێت. بەم هەڵویستەی کۆمەڵە جەماوەری خەڵک ،بە لیکدانەوەی ئەو کاتەی خۆیان ، لە کۆمەڵە نیگەران و لە قولایی دڵیانەوە ناڕازی بوون .چونکوو سپای ڕزگاری لە چەند هێرشدا بۆ سەر بنکەکانی جمهوری ئیسلامی سەرکەوتوو،بوو و ئوتورێتەی بەدەس هێنابوو. و ئەو دەریا کرێکار و جووتیارە کەم دەسەڵاتەی هەورامان لە کەمەندی کۆمەڵە دەر چوو و بی لایەن مانەوە  و بە ناحەق پاسیڤ کران. پاشان هەورامان وەک ناوەندی سپای پاسداران تەیار کرا و،وەک شوێنیکی ستراتیژی، دژی گەلی کورد چ لە باکوری کوردستان و چ لە رۆژهەڵاتی کوردستان کەڵکی لی وەر گرت.پلانی گەمارۆی هەڵەبجە  و لە کەمین خستنی ،گلێنەی چاوی کۆمەڵەو یەکێک لە گوردانە هەرە ئازاو قارەمانەکانی یانی" گوردانی شوان" لە لایەن سپای پاسدارانەوە لە هەورامان دارێژرا،کە گوردانەکە بە جارێک کوشتار کرا. پلانی ژنۆسایدی هەڵە بجە و کاول و وێران کردنی، ناوچەکە لە بارەگاکانی سپاوە فەرماندهی دەکرا، کە توانیان بە

بەڵێن و وەعدە ی پوچ، یەکیەتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی تێوە گلێنن و شاری هەڵەبجە گەمارۆ دەن .حیزبەکانی باشووری کوردستان متمانەی بی بنەما و ساوێلکانەیان بە جمهوری ئیسلامی هەبوو، بۆیە لەکارەساتی هەڵەبجە دەوری نێگەتیڤیان گێڕا.جمهوری ئیسلامی ، بەعس و متمانەی بی بنەما و ساوێلکانەی حیزبەکانی باشووری کوردستان توانیان ئەو تراژیدی و جەنایەتە بخولقێنن، شارێک بکوژن و قەلاچۆ کەن. سپای پاسداران لە ناوچەی هەورامان تۆرێکی شۆڤاری و جاسوسی بەر بلاوی ڕێک خستبوو کە ،بالندە نەیدەتوانی لەو تۆڕەوە دەرباز بێت .هەورامان دەوری پشتی جبهەی بۆ سپای پاسداران دەگێڕا. مەیدانی هەڵسوڕانی حیزبی دێموکراتیش پاش چەک کردنی ڕزگاری تا ڕادەیەکی زۆر بەر تەسک بووەوە کە دیسان بۆ بزووتنەوەی گەلی کورد بە قازانج نەبوو.ناوەڕۆکی سیاسی ئەم سپایە،لیلّ ونادیار بوو و ناکرێ بە هەڵویستێکی نازانستیانە و بە پەلە، لە خانەی سپایەکی دژ بە بەرژەوەندی کورد پۆلبەندی کرێت .ئایا لۆژێک و مەنتیقیە، کورتبینانە چاو لە پێکهاتەی ئەو سپایە بکرێت ؟ بەشی هەرە زۆری سپاکە خاوەنی هەستی میللی و نەتەویی بوو. لە قولایی دلّیانەوە بۆ شەڕودیفاع لە پرسی کورد ئامادە ی گیان بەخت کردن وفیداکاری بون . ئایا نەدەکرا کۆمەڵە وەک هێزێکی خاوەن ئوتوریتە و بەدەسەلات لە شێوەی خزان و هاوکاری لە تەشکیلاتی سپای ڕزگاری ئاژین بێت و هێدی هێدی کاری بە ئاگا هێنانی پێشمەرگەکانی سپای ڕزگاری دەس پێ بکات و هێزەکە بۆ ئامانجەکانی خۆی ڕێک بخات ، و وا پێێ دەچوو و ئەگەری ئەوە هەبوو کە ، سپای ڕزگاری هێواش هێواش لە ناو تەشکیلاتی کۆمەڵە و لە پرۆسەیەکی نە زۆر دژوار و پڕ ئەستەمدا،هاو ڕەوت و ڕێک خرێت ! تازە ئەگەر دەڵین دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە،ئیمکانی هاوکاری ودارشتنی هێرشی دوو قۆلێ و لیدانی جمهوری ئیسلامی هەبوو. لە بواری تاکتێکیشدا نزیکی لە گەلّ تەشکیلاتی سپاکە ئیمکانی هەبوو.ئایاکەمەندی ڕاوێژ ،هاوکاری و دیالۆگ لە کەمەندی شەڕ و پێکدادان چاکتر نەبوو؟ چەک کردنی ڕزگاری بەرهەڵەست و لەمپەری بۆ بزووتنەوەی کوردستان کە زۆریش چکۆلە نە بوون،خولقاند:

-* مەیدانی هەڵسورانی سیاسی و تەشکیلاتی کۆمەلە پاش چەک کردنەکە، بەرتەسک بووەوە و هەرێمیکی ستراتیژی زۆر مەزن و دیاریکەری بە خوراییی لە دەست چوو.لیکدانەوەی کۆمەڵە سەبارەت بە دیموگرافی و کۆمەڵناسی ناوچەی هەورامان کورتی هێنا.

-* ڕێک خستنی چینی کرێکار، ئامانجی سەرەکی کۆمەڵە بوو ، لە حالێکدا تان و پۆی دانیشتوانی هەورامان بە زۆری کرێکارن و پوتانسیلّ و ئامادەگی زۆریان بۆ کاری سیاسی – ڕیکخراوەیی هەیە. و کۆمەڵە خۆی لەو کانگایە مەحرووم و دوور کردەوە .کریکارانێک کە لە شوینی ژیانی خۆیان وچەک بە دەست ئامادە ی خەبات بوون .کۆمەڵە سپاکەی لە یەک هەڵتەکانە و تووشی دارمانی کرد .

تەقریبەن هەموو پێشمەرگە و لایەنگرانی سپاکە لە شۆڕش دلسارد ، پاسیف و بی لایەن بونەوە ومەیدانی خەباتیان دژی جمهوری ئیسلامی چۆڵ کرد .
- * دەڤەری هەورامان ،سنورێکی بەرفراوانی لە گەل کوردستانی باشووردا هەیە ،و هەرێمەکە دەیتوانی وەک کاناڵ و پردێکی مەحکەم،دەور بگیرێت و کار ئاسانی بۆهات و چوی پێشمەرگەری کۆ مەڵە دەستە بەر بکات . یەکیەتی نیشتمانی و کۆمەڵەی ڕەنجدەران، کە لە بەشێکی تری هەورامان هێزیان هەبوو، و لەگەڵ کۆمەڵە دەیانتوانی بۆ پاراستنی شاخی هەورامان یارمەتی دەری یەکتر بن .حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەش دەیانتوانی،هاوکار و پلانی هاو بەشیان هەبێت .و هەورامان وەک ناوچەیەکی ئازادکراو، بپارێزن.
-* بە چەشنێکی ناڕاستەوخۆ حیزبی دیموکراتیش لەو کارەساتە زەرەرمەند بوو ، و دانیشتوانی هەورامان بە چاوێکی پڕ لە گومان و شکەوە ، لە گەڵ پێشمەرگە هەلسوکەوتیان دەکرد . لە هات و چوی پێشمەرگەی کۆمەلە و دیموکرات سلّیان دەکرد .شانە و تەشکیلاتی نهینی حیزبی دیموکرات ، بە ئاسانی ئەرکی حیزبیان بۆ جێ بە جێ نە دەکرا.
-* ژهر پژێنی نەیارانی بزووتنەوەی کورد دەستی پێکرد . زمانی، زمان پیسان کەوتە کار . ئەو شەپۆلە ژهر پژێنیە کە بە تایبەت دژ بە کۆمەڵە ڕێک خرابوو بۆ کۆمەلە گران تەواو بوو.
-* هەردوو لا، دیل و ئەسیریان هەبوو و پاشان گۆڕدرانەوە.لە لایەن سپای رزگاریەوە ، دەر حەق بە دیلەکانی کۆمەڵەهەلسوکەوتی نزم و سووک، تەوهین، بی حورمەتی و سوکایەتی زۆر کرا. کۆمەڵە زۆر بە ڕێز و حورمەتەوە لە گەڵ دیلەکانی ڕزگاری هەلسوکەوتی کرد .تەنانەت هەموو خەڵکی ناوچە و بیر وڕای گشتی شاهیدن. دیلەکانی کۆمەڵە لای ڕزگاری بریتی بوون لە بە ڕێزان :عیزەت دارابی، ناسیح خالیدی و سیروس کرباسی و ... .بە داخەوە ناوی دیلەکانی رزگاریم لە بیر نە ماوە .
-* کادرەلیهاتوو و لایەقەکانی کۆمەڵە و لە وانە بەرێزان:عەلی قوتبی وسەلاح گۆلچینی لەو شەڕانەدا گیانیان بەخت کرد .بیگومان لە سپای ڕزگاریش کادری ئازاو لیهاتوو کوژرا . لە شەڕی ئاوایی بارامئاوا سێ پێشمەرگەی کۆمەلە بەرێزان: عەلح سەولاوایی،ئەحمەد سلیمانی و توفیق میانەیی لە لایەن رزگاریەوە بریندار کران . و بۆ نەخۆش خانەی حیزبی دیموکرات لە ئاوایی دزلی گوێزرانەوە تا ئاگاداریان لی بکەن . بۆ گرتنەوەی ئاوایی دزلی قیادە موەقەت ، سپای پاسداران و شۆڤار و هەڵخەڵەتاوانی کورد هێرشێکی هاوبەشیان دەست پێ کرد و بریندارەکلانی کۆمەڵە کەوتنە گەمارۆ و لە هەولّین کاتەکاندا کاک توفیقیان کوشت . و ئەوانی تر بە دیلی کەوتنە دەستی جمهوری ئیسلامی کە پاشان لە بەرابەر دیلەکانی جمهوری ئیسلامی ئازاد کران . لەم کارەساتانەدا

بە ڕیزان: ناسری مستەفا سوڵتانی و فەرەج شەهابی بۆ بە جێ گەیاندن و بە ڕێوە بردنی ئە رکەکانی کۆمەڵە لە دزڵی بوون. کاک ناسر تا دوا هەناسەی بریندارەکانی جێ نە هیشت وبە تاقی تەنها،لە کەرامەت و ئامانجەکانی کۆمەڵە دیفاعی کرد، بەڵام لە پیلانێکی سامناک ،گومانئاوی و هاوبەشدا شەهید کرا.بیگومان رۆژێک لە ڕۆژان ،مێژوو پەردە لە سەر ئەو جەنایەتە لادەبا. سپای پاسداران پای کاک عەلی سەولاواییان بریەوە.دەستە دلۆڤان، زێڕین و لیهاتوەکانی دوکتور دەرویش وەحیدی ،کاک ئەحمەد سلێمانی لە نەخۆشخانەی سەدرئاباد(نزیک بۆکان ) نەشتەرگەری کرد و، لە مەرگ نەجاتدا. دوکتور دەرویش یار و یاوەری پێشمەرگە بریندارەکانی کۆمەلە بوو و ،فیداکاری ،دلسۆزی وشەهامەتی ئەو خۆشەویستە زۆر پێشمەرگەی لە مەرگی حەتمی نەجات دا. یادی ئازیزی دوکتوردەرویش بە خێر !

-* بە لە بەر چاو گرتنی هەموو پێوەرەکان و فاکتۆرە سیاسی ،کۆمەڵایەتی و نیزامیەکان ئەم کارەساتە ،دەسکەوتێکی عەجایەبی جگە لە چەک و چۆڵ بۆ کۆمەڵە نە بوو و قازانجی لە زەرەری زیاتر نە بوو. کاتێک شارەکان گیرانەوە ، دەبوا کۆمەڵە بارەگا و مەقەڕەکانی لە هەورامان بێت ،بەڵام ناچاربوو تا ئۆرگانە گرینگەکانی وەک کۆمیتەی ناوەندی،چاپخانەی سەرەکی و یەکێک لە نەخۆش خانەکانی بۆ بۆکان بگۆزیتەوە.پاشان لە ئاوایەکانی نزیک بۆکان وەک حەشی ئاباد، حلم ئاباد،ئاشی گۆلان،وقەرەڵی خۆی بگرێتەوە. دەقەریک کە بە پێچەوانە شاخ و داخی هەورامان ، دوژمن بە ئاسانی هێرشی بۆ دەهێنا و چاوەڕوان نەکراو ناوچەکەی گرتەوە. خەلکی ئەو گوندانەماوەیەکی دوور و درێژ و لە ئاستێکی بەربلاودا یارمەتی کۆمەڵە یان دا و ماڵیان ئاودان بێت.

روونکردنەوە و زانیاری پێویست:

1-روزگار سیاه کارگر! نام کتابی است، نویسندە کرد آقای احمد خداداده(1955-1882 ) در سال 1306 شمسی بزبان فارسی نوشتەو،در چاپخانەی سعادت کرمانشاه چاپ شده .وایشان عضو حزب اجتماعیون – عامیون ( سوسیال دمکرات) دوران مشروطه بوده است .این کتاب توسط آقای عبدوالا مردوخ در سال 1995 در پاریس ترجمه و با عنوان" چارە ڕەشیی وەرزێر "انتشار یافته است .لە بەشی پەراویزەکاندا، لاپەڕەی 230 ئاماژە بەپیری گەورەی سۆفیەکان مەرحووم شێخ عەلاالدین( 1864-1954 )کردوە و هەلویستی ئەو زاتەی سەبارەت بە شۆرشی مەشروتە و سالارالدولە نوسیوە .

2- پاش گەمارۆ، زەنجیرە وتار و لە شازدە کاپیتاڵدا بڵاو کرایەوە ، نووسەر ڕێزدار" حاتەم مەنبەری"، ئارشیوی سایتی هەڵویست.

3- ئەزمون و یاد، بەشی یەکەم ، نووسەر بەڕیز" پشکۆ نەجمەدین"چاپی یەکەم چاپخانەی کتێبی هەرزان وڵاتی سوید . گولانی 1388 سوید